# شاندێکی حزب سەردانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات



ڕۆژی ١٣-١٢-٢٠١٤، بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن، شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کردو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرانیانەوە بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا.

بەبۆنەی ١٢-١٢، ساڵیادی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزب و هەڤاڵ ئاکۆ عەبدولمەجید بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان سەردانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کردو پیرۆزباییان لێکردن و هیوایان خواست کە هەمیشە لە سەرکەوتن و پێشکەوتندابن.

جێی ئاماژەیە کە هەر بەوبۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کورستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشان رەوانە کرد.

# سکرتێری حزب سەرەخۆشی لە کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەکات



ڕۆژی ٢٧-١١-٢٠١٤ عەتا محەمەد حاجی مەحمود ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆریستان گیانی خۆی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کرد، بەوبۆنەیەوە هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەکەی رەوانە کرد، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێز کاک محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهید بوونی کاکە عەتا، کوڕی بەڕێزتان و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانمان بیست، لەو پێوەندەدا بەناوی خۆم و لە جیاتی هەڤالانم لە سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستاندا پرسەو سەرەخۆشی لە بەریزتان لە هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی دەکەم و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.. دەخوازین ئەمە دواین کۆستی بنەماڵە بەڕێزەکەتان بێت.

هەموومان دەزانین کە لە دەستچوونی خۆشەویستان کارەساتێکی جەرگبڕە، زامێکی پڕسۆیە، بەڵام شەهید بوون لە پێناو خاکی نیشتمان ئەوپەڕی سەربەرزیە، ئێمە داخبارین بۆ شەهیدبوونی کاکە عەتا، بەڵام لەو داستانەدا سەروەرییێکی گەورەی بۆ خۆی و بنەماڵەو حزبەکەی تۆمار کرد و بەڵێنی راستین و وەفاداری بۆ گەل و نیشتمانەکەی گەیاندە جێ، گیانی شاد بێ، سێبوری و دڵئارامیش بۆ ئێوەی بەڕێز دەخوازین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش پرسەو سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

سلاو لە گیانی شەهید عەتا و سەرجەم شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

# شێوازی پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی رەت دەکرێتەوە

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەشێوازی حزبایەتی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی پێکهێنا، حزبی رزگاریی کوردستان راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوەو نارەزایی خۆی پێشاندا. ئەمەش دەقی راگەاندراوەکەیە:

ڕۆژی، ٣-١٢-٢٠١٤ پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا دەنگی بەو پاڵێوراوانەدا کە لیژنەی کاتی پەرلەمان بۆ ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان دا، پێشنیاری کردبوو. ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا لە کاتێکدا هەبوونی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بۆ هەرێمی کوردستان بە گرنگ و پێویست دەزانین، بەڵام بەحزبی کردنی ئەو کۆمسیۆنە بە نارەوا دەزانین و پێموانوایە زیان بە بەرژەوەندیەکانی گشتی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ.

لای هەموان ئاشکرایە کە زۆرینەی رەهای ئەوانەی ئێستا ئەندام پەرلەمانن لە بانگەشەکانی پێشووتریاندا جەختیان لە سەروەری پەرلەمان دەکردەوەو بەڵێنیان دەدا کە ئەگەر بگەنە پەرلەمان ئازادو سەربەخۆیانە بڕیار دەدەن و رێ نادەن حزب کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی پەرلەمان دابنێ، بەڵام شێوازی پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی خەڵکی کوردستان بوو، هەروەها پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەبوو کە پێشتر ئەندام پەرلەمانەکان بە خەڵکیان دابوو، بەو هەنگاوەشیان پێبەندبوونی خۆیان بۆ خواستی حزبەکانیان تۆختر کردەوە. بەوهۆیەشەوە پرۆسەی بەدامەزراوەکردنیان لەکەدار کرد. لەئاکامیشدا ئاشکرا بوو کە پێنج حیزبە دەسەلاتدارەکە دەیانەوێ هەموو جومگەکانی دەوڵەت بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و گوێ بە داخوازی و نیگەرانیەکانی رای گشتی نەدەن.

ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستاندا پێمانوایە کەپێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بەم شێوەیە هەژموونی حزبایەتی بەسەر دەنگداندا دەسەپێنێ و رێ بۆ ساختەکاری زیاتر ئاوەڵا دەکات، هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات لە دوو حزبیەوە بۆ پێنج حیزبی تاودەدات، بەوهۆیەشەوە زیانێکی گەورە بە دۆزی رەوای نیشتمان و پرۆسەی دیموکراسی دەگات و تەنگژەو قەیرانەکان قوڵتر دەکاتەوە، بەوهۆیەوە داوا دەکەن کە ئەندامی حزبەکان لەو کۆمیسیۆنە دوور بخرێنەوە.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

**٤-١٢-٢٠١٤**

# سکرتێری حزب پێشوازی لە شاندێکی پارتی سەربەستی کوردستان دەکات



کاتژمێر ٩ی رۆژی شەممە ١٣-١٢-٢٠١٤ شاندێکی پارتی سەربەستی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانی کرد و لەلایەن هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزب و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازیان لێکرا.

شاندەکەی پارتی سەربەستیی کوردستان پێکهاتبوو لە بەڕێزان (عارف باوەجانی سەرۆکی پارت، وریاساڵحزادە جێگری سەرۆک، کاک ئاهورا هەورامی راوێژکاری سەرۆک و مەسعود نەجاتی ئەندامی ناوەندی پەیوەندییەکان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبیان لە شاری هەولێر کردو لەلایەن ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبمانەوە بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا.

لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان بەتایبەتیش باس لە شەڕی داعش کرا، هەردوولا هاوڕابوون کە داعش وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست و توندڕۆ تەمەنی درێژ نابێ و لە داهاتوویەکی نزیکدا راودەنرێن و کوردستانیان لێپاک دەکرێتەوە.

لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە بەهێزکردنی پێوەندی لایەنە سەربەخۆخوازەکانی کوردستان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری کوردستانی کرا.

# لەمەوبەدوا حکومەتی هەرێم بە کیبۆردەکەی رۆژی گەل دەنووسێ

دوای دروستکردنی کیبۆردی یونیکۆد و گەشەپێدانی ئەو کیبۆردە، هەفتەنامەی رۆژی گەل یەکەمین بڵاوکراوەی کوردستانی بوو کە لە ساڵی ٢٠٠١ وە بڕیاری دا بەو کیبۆردە بنووسێ. بەوهۆیەوە لە چاپخانەکاندا دووچاری کێشەو گرفتی فۆنتەکان دەبۆوە، هەندێکجار نووسینەکان دەشێوان و دێڕەکان دەبەزێندران، بەڵام رۆژی گەل پێداگربوو لەسەر بەکارهێنانی کیبۆردو فۆنتی یونیکۆد، چونکە بە شێوازێکی راستتری دەزانیت. خۆشبەختانە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، لە رۆژانی رابردوودا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمانێک فۆنت و کیبۆردی یونیکۆدی بە فەرمی ناساند.

سەرۆکی حکومەت لە فەرمانێکدا فۆنتی نووسینی نوسراوەکانی حکوومەت دیاریدەکات و بەکارهێنانی فرە فۆنتی قەدەغە دەکات.

بەپێی بڕیارێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ژمارە (٨٢٠١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە١٥ی ١٢ی ٢٠١٤ دەرچووە و ئیمزای نێچیرڤان بارزانی لەسەرە شێوەی نووسینی نووسراوەکانی حکومەت دیاریکردووە. لە بڕیارەکە هاتووە "بەکارهێنانی فۆنت و کیبۆردی غەیرە یونیکۆد قەدەغەکراو دەبێت و دامودەزگاکانی حکومەت بۆ نووسین تەنیا کەڵک لەو فۆنتانە وەربگرن کە لەسەر بنەمای ستانداری یونیکۆد چاپکراون".

بەپێی ئەو بڕیارە هەموو فۆنتەکانی دیکەی وەک عەلی،زانست، دیلان و هتد.. کە ماوەیەکی درێژە کاریان پێدەکرێت، ئیتر لە کار دەخرێن.